گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper20
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 2024/12/24
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 2025/01/25
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 2025/29/04

# قەسیدەی (گەرمیان و دارڕژانی ڕۆح) لەبەر ڕۆشنایی دو مۆدێلی شێوازناسیی ئامارییدا

**زانیار سالح عەلی[1] - سەرحەد حسێن مستەفا[2]**

Sarhadh04@gmail.com zanyar.salih@garmian.edu.krd

[1] بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کەلار، وەزارەتی پەروەردە، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

توێژینەوە زانستییە نوێیەکان دەرگایان واڵایە بۆ ئاوێتەکردن و تێکەڵکردنی زیاتر لە زانستێک، بەمەرجێک ئەو کارە خزمەت بە بواری توێژینەوە لە کەرەستەی دیاریکراو بکات و هەردو بوارە ئاوێتەکراوەکە بچنە خزمەتی کەرەستەی پشکێنراوەوە. ئەم توێژینەوەی بەردەست کارێکی لەم جۆرەیە و تێکەڵکردن و ئاوێتەکردنی بواری ئەدەب و زانستی ئامارە، کە تێیدا دو مۆدێلی ئاماریی، کە لە توانایاندا هەیە لە زۆر بواری تردا بەکاربهێنرێن، لەگەڵ زانستی شێوازدا تێکەڵکراون بۆ بەدەستهێنانی هەندێک سەرەداو و ئەنجامی پێویست، کە لە ئەنجامەکانی کۆتایی توێژینەوەکەدا خراونەتەڕو، مۆدێلی یەکەمیان شێوازی ئاماریی (بوزیمان)ی ئەڵمانییە، کە لە چەندین توێژینەوەی زانستیدا لە ئەدەبی کوردی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزیدا کاری لە بارەوە کراوە و دەرئەنجامی پێویستیان تێدا دەستنیشانکراوە، هەرچی مۆدێلی دووەمیشە بناغەی تیۆرییەکەی لە لایەن (زامب)ی فەرەنسییەوە دانراوە و لەسەر چەند گەورە نوسەرێکی فەرەنسی بۆ دیاریکردنی شێوازی نوسینیان تاقیکراوەتەوە، ئەم مۆدێلە جگە لە دانەرەکەی (تیۆریست) لە هیچ زمانێکی تردا بەرچاومان نەکەوتوە، کە ئەنجامی توێژینەوەکە جگە لە ئامار و ڕێژە بەدەستهاتوەکان لە ڕێگەی وێنەیەکەوە دەخرێتەڕو، هەر ئەو وێنەیەش دەبێتە نیشاندەری شێوازی نوسەرەکە و لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت وێنەی شێوازیی هەر دەقێک، نوسەرێک، قۆناغێکی ئەدەبی چ لەسەر ئاستی تاکایەتی یان لەڕێگەی بەراوردکردنەوە بێت بیناسینەوە، ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا هەردو مۆدێلەکەمان لەسەر قەسیدەی (گەرمیان و دارڕژانی ڕۆح)، کە دەقێکی (شێرکۆ بێکەس)ە تاقیکردوەتەوە و ئەنجامی گرنگ و باوەڕپێکراومان لێ بەدەستهێناوە.

**کلیلە وشەکان:** شێوازی ئاماری، قەسیدەی گەرمیان و دارڕژانی ڕۆح، زامب، بۆزیمان، شێرکۆ بێکەس.

# (Garmian Poetry and Pouring of The Soul) In the Light of Two Models of Statistical Stylistics

**Zanyar Salih Ali[1] - Sarhad Hussein Mustafa[2]**

1. Kurdish Department, College of Education, Garmian University, Kalar, Kurdistan Region, Iraq.

2. Kalar Education Directorate, Ministry of Education, Kalar, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

New scientific research and studies open the door for integrating more than one science, however, on one condition that the research serves the field of study on specific materials and both integrated fields benefit the examined material. The present study exemplifies such an approach, combining the fields of literature and statistics. In it, two statistical models, which can be applied in many other fields, are integrated and utilizes with stylistics to obtain some necessary clues and results, which are presented in the conclusions of the study.

The first model is the German statistical style (A. Busemann), which has been worked on in several scientific research and studies in Kurdish, Persian, Arabic, and English literature, and necessary results have been identified. As for the second model, its theoretical foundation was established by the French theorist, (J. Marie Zemb) and tested on several great French writers to determine their writing style. Apart from its theorist, we have not encountered this model in any other language. The results of the research, in addition to the statistics and obtained ratios, are presented through an diagram. This diagram becomes the highlighter of the writer's style, and through it, we can recognize the stylistic image of any text, writer, or literary period, whether at the individual level or through comparison. In this research, we have utilized both models on an excerpt from the poem "Garmian and the Pouring of Soul" by Sherko Bekas, and we have obtained important and reliable conclusions.

**Keywords**: Statistical style, the poem "Garmian and the Pouring of Soul".

## پێشەکی:

دەق (گەرمیان و دارِژانی ڕۆح) یەکێکە لە دەقەکانی نێو دیوانی (چراکانی سەر هەڵەموت)ی (شێرکۆ بێکەس)، کە لە ساڵی (١٩٩٩)دا بڵاوی کردوەتەوە، وەک لە ناواخنی توێژینەوەکە باسمانکردوە، دەقەکە دەقێکی نوێیە و هەر خودی شاعیر خۆی جارێک بە پەخشان و جارێک بە وتەی شیعری ناوی دەبات، ئێمە بۆ دیاریکردنی شێوازی نوسینی نوسەرەکەی لە ڕوانگەی دو مۆدێلی شێوازناسی ئامارییەوە شیکارمان کردوە، لەبەرئەوەی شێوازناسییش وەک بوارێکی ڕەخنەیی، لەچوارچێوەی دەقتەوەریدایە، بۆیە خۆمان لە مەغزا و ناوەڕۆکی قەسیدەکە بواردوە و لەو چوارچێوەیەدا کارەکانمان ئەنجامداوە، کە خواستی شێوازناسیی و مۆدێلە ئامارییەکانییەتی.

ئەگەرچی هەندێک لەتوێژەران لەو باوەڕەدان زانستی ئامار بەئاوێتەکردنی لەگەڵ زانستی ئەدەبدا هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ سەوز نابێ، جگە لە وەدەستخستنی هەندێ ڕێژە کە توانای ڕەخنەکردنی سنوردارە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەو مەبەستە خراوەتە بەردەست، بەدوای ڕاستێتی ئەو باسەدا بچێت و بەهای ئەو ڕێژانە بەدەستبهێنێت، کە لە ئەنجامی ئامارلەناو دەقی ئەدەبیدا بەدەست دێن، ناوەڕۆک و ئەنجامی توێژینەوەکەش ئەم مەسەلەیەی شیکردوەتەوە.

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

تاقیکردنەوەی ڕێگا و مۆدێلێکی نوێ لە بەکارهێنانی ئاماردا کە پێشتر لەئەدەبی کوردیدا بەشێوەی کارەکی کاری لەسەر نەکراوە(مەبەست لەمۆدێلی زامب)ە، لەگەڵ ئەمانەشدا تاقیکردنەوەی ئەوەی ئایا دەقی کوردی لەتوانایدا هەیە لەگەڵ میتۆد و ڕێبازی ڕەخنەی نوێدا هەڵسوکەوت بکات؟

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

تێکەڵکردنی دو زانست یاخود دو ڕێباز و میتۆدی زانستی بایەخ و بەهای خۆی هەیە لە خستنە خزمەتی بابەتێکی دیاریکراودا، لەکاتێکدا هەردو زانست یاخود میتۆدەکە پێکەوە لە چوارچێوەیەکدا یەکبگرنەوە و بەرچاوڕونی زیاتر بخەنە پێش چاو بۆ بەدەسهێنانی ئەنجام و ئامانجی زیاتر، هەروەها دەتوانرێت لەڕێگای ئەم مۆدێلانەوە دەقی ونبو و کێشە لەسەر ساغبکرێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ خاوەن دەقە بنەڕەتییەکە، لەگەڵ ئەمانەشدا دەکرێت بۆ بەراوردی شێوازی نوسەرێک لە کاتە جیاوازەکانی نوسینیدا، یان دو نوسەر، یان دو قۆناغی ئەدەبی بەکاربهێنرێن.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بەدوای ڕێگاچارەیەکی گونجاو و چارەسەردا دەگەڕێت بۆ وەڵامدانەوەی هەندێ سەرەداو کە لەڕێگەی ئاماری ئەم دەقەی توێژینەوەکەوە بەدەستدێت، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانین ڕەخنە و پێشنیازی دروست بەدەست بهێنین بۆ توێژینەوە لە دەقی دیکەی شاعیران.

**پرسیاری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە:

1. ئایا دەتوانرێت لەڕێگەی ئاماری کەرەستە و پێکهاتەکانی دەقەوە، شێوازی نوسەر دیاریبکرێت؟
2. ئایا داتاکانی بەدەستهاتوی توێژینەوەکە دەتوانن هەندێک سەرەداوی زانستی و پێویست بخەنەبەردەست تا لە ڕێگەیەوە ڕەخنە و نرخاندیان بۆ بکرێت؟

**پێشنیاز و ڕاسپاردەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە دەتوانرێت بکرێتە بناغەیەک بۆ چەندین توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی نوێ لە ئاستی خوێندنی باڵادا (ماستەر، دکتۆرا)، بە مەبەستی ساغکردنەوەی بەرهەمی نوسەران و دیاریکردنی شێوازی نوسەر، چونکە ئەنجامەکانی ڕێژەی باوەڕپێکردنیان لەئاستێکی باڵادایە.

**سنوری توێژینەوەکە:**

تەنها کار لەسەر دەقی (گەرمیان و دارژانی ڕۆح) کە یەکێکە لە قەسیدەکانی (شێرکۆ بێکەس) و لەساڵی ١٩٩٩دا بڵاوکراوەتەوە، کراوە، لەم توێژینەوەدا لە چوارچێوەی دیاریکردنی شێوازی نوسەردا کاری لەسەر دەکرێت، بەو پێیەی نوسەر خۆی هەندێک جار بە پەخشان و لەهەندێ باری تردا بە وتەی شیعریی و پەخشانەشیعر ناوی بردوە، ئێمەش لەبەر زمانی دەقەکە کە ڕەنگدانەوەی شێوازی ئاخاوتن و زمانی نوسەرە ئەم قەسیدەمان هەڵبژاردوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

بەو پێیەی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی لقێک لەلقەکانی ڕەخنەی شێوازگەریدایە، میتۆدی (شێوازگەری ئاماری)یمان هەڵبژاردوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

بەگشتی توێژینەوەکە لە پێشەکی و دو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەك بە (زمانی کوردی و ئینگلیزی) پێکدێت؛ بەشەکانیش بەم شێوەیەن:

**بەشی یەکەم:**

بە ناونیشانی (چەمکی شێواز و شێوازناسی ئاماری) لە چوار باسی پێویستی تیۆری پێکدێت، لە باسی یەکەمیاندا پێداچونەوەیە بە توێژینەوەکانی شێوازناسی ئاماری لە پێشودا، باسی دوەمیش زاراوە و چەمکی شێواز خراوەتەڕو،پاشان باسی سێهەم ڕەهەندەکانی شێوازناسی خراوەتەڕو، باسی چوارەمیش تەرخانکراوە بۆ پێگەی تیشک خراوەتەسەر شێوازناسیی ئاماری.

**بەشی دوەم:**

ئەم بەشە بەناونیشانی (پراکتیکی شێوازی ئاماریی قەسیدەی (گەرمیان و دارڕژانی ڕۆح)) بەشی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، پێکدێت لە دو باس، باسی یەکەمیان بە ناونیشانی (گەرمیان و دارڕژانی ڕۆح) لەژێر تیشکی (مۆدێلی بوزیمان)دا، تیایدا مۆدێلی ئاماریی بۆزیمان خراوەتەڕو و پاشان پراکتیزەکردنی مۆدێلەکە لەسەر قەسیدەکە ئەنجامدراوە، هەرچی باسی دوەمیشە بەهەمان شێوە مۆدێلی زامبی تێدا شیکراوەتەوە و پاشان لەسەر بناغەی مۆدێلەکە کارە ئامارییەکە لەسەر قەسیدەکە ئەنجامدراوە، لەکۆتایی هەر مۆدێلێکیشدا ڕەخنەی پێویست و گونجاو لەچوارچێوەی مۆدێلەکەدا باسی لێوەکراوە.

## ١/ چەمکی شێواز و شێوازناسیی ئاماری

### ١/١ پێداچونەوەیەک بە توێژینەوەکانی پێشوی ئەم بوارە

شێواز وەک ڕێگا و ڕێبازێکی ڕەخنەیی لەبواری ئەدەبدا بە چەند ڕێگایەک کردەی شیکارکردنی دەق ئەنجامدەدات، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەخنەگرانی بوارەکە دیدوبۆچونی جیاوازیان لەیەکتر هەیە، بۆیە شێوازگەری وەک قوتابخانەیەک مەودایەکی فراوانی هەیە و چەندین ئاراستەی کارەکی(پراکتیک) لەسەر دەقی ئەدەبی تێدا بنیاتنراوە.هەندێک لە توێژەران لەنێو توێژینەوەکانیاندا چوار ڕەوتی سەرەکییان لە شێواز دەستنیشانکردوە وەک: شێوازناسی وەسفی، شێوازناسی ئەرکی، ئاراستەی فیلۆلۆژی، شێوازناسی ئاماری(شمیسا، ١٣٧٣، ١١٨-١٢٩ و عەلی، ٢٠٢٣، ٣٨-٤٥)، یان جاری واهەیە ڕەوتەکانی شێواز لە نێو سەرچاوەکاندا بەسەر هەشت ڕەوت و ڕێچکەی جیاوازدا دابەشکراون(بڕوانە: زراعی، ١٣٩٧، ١٩-٣٣)، کارە پراکتیکییەکانی ئەو ڕەوت و ڕێچکەیانەی کە هەن بەگشتی لەچوارچێوەی شێوازی کۆن کە بەپێوەری هونەرەکانی ڕەوانبێژیین، یاخود لە چوارچێوەی قوتابخانەی زمانەوانیی ئەرکین، یان لە ڕوانگەی لادانەوە کاریان لەسەر شێواز کردوە، ئەگەرچی ئەو توێژینەوانەی لە چوارچێوەی شێوازناسیی ئاماریدان کەم نین، بەڵام ئەوەندەی ئێمە بەرچاومان کەوتبێ لەڕەخنەی کوردیدا چەند کارێک ئەنجامدراون، کە ئەوانیش تەنها مۆدێلی (بوزیمان)ی تێدا پراکتیککراوە، لەوانە (شێوازی شیعری گۆران)ی (پەخشان عەلی ئەحمەد) کە لە بناغەدا نامەی ماجستێری ناو براوە، هەروەها توێژینەوەیەکی تر بەناوی (ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری بەپێی هاوکێشەی بوزیمان لە چەند شیعرێکی (فروغی فروخزاد) و (هێرۆ کوردە)دا) لەلایەن توێژەران (دەریا سابیر حەمەد، ڕۆژگار محەمەد سابیر) لە

گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕیندا ساڵی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە، پاشان (کۆشیعری (لاواندنەوەی خۆڵەمێش)ی (تەیب جەبار) لەبەر تیشکی شێوازگەری ئاماریدا) کە (کەژاڵ عبدالقادر عثمان) لە گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددیندا لەساڵی ٢٠٢٢دا بڵاوی کردوەتەوە ، لەو توێژینەوانەی باسکران مۆدێلی بۆزیمان بۆ شیکاری بەکارهاتوە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا جگە لەمۆدێلی بۆزیمان، مۆدێلێکی دیکەی ئاماری بەسەر دەقەکەدا جێبەجێ دەکەین، بەڵام پێویستە لەپێشدا بزانین شێوازی ئاماری چییە؟

## ٢/١ زاراوە و چەمکی شێواز

لە زمان و ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا لە ڕوی زاراوەییەوە شێواز بەرانبەرە بە (الاسلوب)ی عەرەبی، لە فارسیدا (سبک)ی بۆ بەکارهاتوە کە بەواتای جیاکردنەوەی زێڕ و زیو دێت لە خەوشییەکانیان(شمیسا، ١٣٨٧، ٢٠٦)، یان لەبەرانبەر زاراوە عەرەبییەکەدا (طرز، اسلوب، روش، سیاق و نمط)یان بەکارهێناوە(شمیسا، ١٣٧٣، ١٧) هەرچەندە نوسەری دیکەشیان هەیە لە بری (سبک) زاراوەی تەنها (طرز) بەکارهێناوە(الاتشی، ١٣٨٤)، بەڵام زاراوەی (سبک) تاڕادەیەک لە ڕەخنەی فارسیدا بەمەبەستی شێوازی نوسەر جێگیربوە، لە ئینگلیزیشدا (style)ی پێدەوترێت ، کە بنچینەیەکی لاتینی هەیە و لە (stilus) ەوە وەرگیراوە بە واتای ئوچ (ئەو پەڕەی باڵندە یان قەڵەمی لە قامیش دروستکراو) دێ کە بۆ نامە نوسین بەکارهێنراوە (هاڵبێرگ، ٢٠١٠، ١٧)، وەک دەگوترێت لە بنەڕەتدا ئەم زاراوەیە بۆ ئەو مەبەستەی ئێستا بەکارنەهاتوە، بەڵکو ((بۆ هەڵکۆڵین و نوسین لەسەر تەختەی مۆم بەکارهاتوە، واتە ئەم ئامرازە سەرێکی تیژ بوە بۆ نوسین و سەرێکی دیکەی بۆ سڕینەوە بەکارهێنراوە، ئامۆژگارییەکەی (هۆراس) لێرەوە هاتوە کە گوتویەتی (شێوازەکەتان زوبەزو هەڵگێڕنەوە) واتا نوسینەکانتان بسڕنەوە و هەروا زو بە نوسین و دەربڕینەکانتان ڕازی مەبن و بەردەوام هەوڵبدەن پەیڤ و دەربڕینی ڕێکوپێکتر بنوسن)) (صالح، ٢٠٢٠، ١٩)، لێرەشەوە شێواز دەلالەتەکەی دەگۆڕێت و لەئامێرەوە دەبێت بە شێوازی نوسین.

لە ڕوی چەمکەوە شێواز چەمکێکی فرە ڕەهەندە و لە زۆر بواردا بەکاردەهێنرێت، ئەوەی بەلای ئێمەوە جێی بایەخە چەمکە ڕەخنەییەکەیەتی لەبواری ئەدەبدا، کە خۆی لەو ڕێچکە و ڕێگەیەدا دەبینێتەوە ((نوسەر بۆ گوزارشتکردن لە لایەنە هەستی و نەستییەکانی دەیگرێتەبەر، بەم پێیە شێواز چۆنێتی بەکارهێنانی زمان و خستنەڕوی سیما و خەسڵەتی تایبەتی هەر نوسەرێکە لە ژانرە ئەدەبییەکاندا))(صالح، ٢٠٢٠، ٢٠).

## ٣/١ ڕەهەندەکانی شێوازناسی

بۆ ئەوەی بتوانین جوانتر چەمکی شێواز و فراوانی مەوداکەی بەدیاربخەین پێویستە باس لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی شێواز بکەین کە بریتین لە بینینی تایبەت و هەڵبژاردن و لادان لەنۆرم، هەریەک لەم ڕەهەندا کاریگەریی تەواویان بەسەر ڕونکردنەوەی چەمکەکەوە هەیە، لێرەوە هەریەکەیان ڕوندەکەینەوە.

## ١/٣/١ هەڵوێستی تایبەت

بینینی تایبەت دەرئەنجامی تێڕوانینی شاعیر و ئەدیبە بۆ جیهانی ناوەوە و دەرەوەی خۆی، کە بەلایەوە وا بەپێویست دەزانێت بەشێوازێک بیرۆکەکانی خۆی نمایشبکات کە تایبەتمەندی خۆی دەربخات. بە و پێیەش ئەم کارە

پێویستی بە زمانە و هەر لێرەشەوە شاعیر دەبێتە خاوەنی زمانی تایبەت بەدەربڕینەکانی خۆی. واتایەکی تر کاتێک کەسێک تێڕوانین و جیهانبینییەکی نوێی بۆ ڕوداوەکانی چواردەوری خۆی هەبو، دە بێت زمانێکی نوێ بۆ گەیاندنی وێنە دەرونییەکانی بەکاربهێنێت، تا وێناکردنی ئەو کەسە بەدیاریکراوی ببینرێت، ئەم مەبەستەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر زاراوە و ئەو پێکهاتانەی ڕستەسازی دەبێت کە بەکاریهێناوە، ئەگەرچی ئەمە پەیوەستە بەکات و بارودۆخی تایبەت بە بنیاتنان و دەربڕینی بیرۆکەکان، چونکە دەکرێت ئەو تێڕوانینانەی کە نوسەرێک لە بارودۆخێک وکاتێکی دیاریکراودا هەیەتی دواتر گۆڕانی بەسەردا بێت و پاشگەز ببێتەوە لەدەربڕینەکانی پێشوی، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە شێوازدا، بۆیە (شمیسا) دەڵێت: گۆڕانکاری لەشێوازدا تەنها گۆڕانی زمان و پاشخستن و پێشخستنی سەروا وکورت و درێژی دێڕەکان نییە، بەڵکو پرسی گۆڕینی زانین و تێڕوانین و هەڵوێستەکانیشە، کە زۆرێک لە شێوازگەراکان گۆڕانی شێوازیان بە گۆڕان لە پێشهاتە ئابوری و سیاسیی وکۆمەڵایەتییەکان زانیوە، کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە شێوازی ژیان و دیدگای نوسەردا، ئەمەش دواجار دەبێتە گۆڕان لە شێوازی دەربڕیندا(شمیسا، ١٣٧٣، ١٧)، بە واتایەکی تر مەرج نییە دنیابینی شاعیر بۆ هەڵوێستێک بەدرێژایی تەمەنی نوسینەکەی هەر بەنەگۆڕی بمێنێتەوە، کە ئەم جۆرە لە ئەدەبی گشت نەتەوەکان و ئەدەبی کوردیشدا نمونەی بەرچاوی هەیە.

لێکۆڵینەوە لە شێواز لەسەر بنەمای بینینی تایبەت زیاتر جێگەی سەرنجی دەروونناسەکان، یان ئەو توێژەرانەیە کە گرنگی بە پرسە کۆمەڵناسی و دەرونییەکان دەدەن. چونکە، بۆیە شێواز پەیوەستە بە نوسەران وکەسایەتی ئەوانەوە و ئاشکرایە کە ژینگەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەشەسەندنی کەسایەتی و پێکهاتنی دەرونیانیدا بۆ ئەم مەبەستەش لیۆ سپیتزەر(Leospitzer) دەڵێت: پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان شێوازی پارچە نوسینێک و بیر و هزری نوسەرەکەدا هەیە، لێرەشەوە هەوڵی ئەوە دەدات بەدوای ئەو پەیوەندییەدا بگەڕێ کە لەنێوان شێوازەکە و دەرونی نوسەرەکەدا هەیە(شمیسا، ١٣٧٣، ٢٥). بەشێک لەو پێناسانەی بۆ شێواز خراونەتەڕو لەڕوانگەی ئەو پەیوەندییەوە چونەتە ناو باسەکەوە، هەر بۆ نمونە بیرجیرۆ لە پێناسەی شێوازدا دەڵێت: ((شێواز ڕێگایەکە بۆ دەربڕینی بیر))(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٢٤)، لای فلۆبێریش ((شێواز بەتەنها ڕێگایەکی ڕەهایە بۆ بینینی شتەکان))(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٢٤)، بۆفۆن ((شێواز خودی مرۆڤە)) (چالی، ٢٠٠٨، ٢٤)، ئەمرسۆن ((شێواز دەنگی هزری نوسەرە))(چالی، ٢٠٠٨، ٢٤)، ئەم پێناسانە نیشاندەری ئەو پەیوەندییەن کە لەنێوان نوسەر(شاعیر) و لایەنی دەرونی و دنیابینییەکەیدا بەدەست دێن، بۆ ئەوەی بینینی تایبەتی نوسەرەکە بخەنەڕو.

### ٢/٣/١ هەڵبژاردن

شێواز بەرهەمی هەڵبژاردنی تایبەتی وشە و دەربڕینەکانە، هەر نوسەرێک بۆ گەیاندنی بیر و ئایدیاکەی کۆمەڵێک لە وشە هەڵدەبژێرێت، لەمبارەیەوە شەمیسا دەڵێت: لەبەرئەوەی نوسەران لە بیروباوەڕیاندا لەیەکتر جودان، بۆیە هەریەکەیان لکێدانەوەی جیاوازی هەیە بۆ هەمان مانا، لەم ڕێگەیەشەوە دەستەواژەی تایبەت بە بیرۆکەی خۆیان بەکاردەهێنن، هەر ئەوەشە وادەکات شێوازێکی تایبەت بەخۆیانیان هەبێت(شمیسا، ١٣٧٣، ٢٦)، هەر بۆیە کاتێک چەند نوسەرێک زمانێکی جیاواز بەکاردەهێنن بۆ دەربڕینی هەمان مانا، ئەوا جیاوازی شێواز لە نێوان کارەکانیاندا دەبێت، لێرەدا پرسیاری ئەوە دێتە ئاراوە، کە هەمو هەڵبژاردنێکی وشە و دەستەواژەکان ئایا وەک شێواز مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەوترێت: ((دو جۆرە هەڵبژاردن هەیە، یەکەمیان: هەڵبژاردنی کرداری ڕۆژانە( Pragmatic

selection) کە بەپێی هەڵوێست و کردار بۆ بەرژەوندییەکی دیاریکراو لەکەشێکی دیاریکراودا ناچارین چەشنە پەیڤێک هەڵبژێرین وەک پەیڤین لەگەڵ بەرپرسێک یان لایەنێکی ڕەسمی کە ناچارین پەیڤی وا هەڵبژێرین پڕاوپڕبێت لەڕێز و گەورەیی بەرامبەر، دوەمیان: هەڵبژاردنی ڕیزمانی یان دەستوریە(Gramatical selection)، بەپێی ئەم جۆرە هەڵبژاردنە لەسنوری تواناکانی زماندا پرۆسەی هەڵبژاردن جێبەجێ دەکرێ بۆ پێکانی مەبەستێکی دیاریکراو، واتە تەنیا مەبەست و بۆچونی کەسەکە هانی دەدات بۆ هەڵبژاردن نەک هەڵوێست و بەرژەوەندی دەوروبەر))(چالی، ٢٠٠٨، ٢٤)، بەواتایەکی تر ئەو هەڵبژاردنەی لەچوارچێوەی شێوازدا کاری پێدەکرێت ئەوەیە کە نوسەر ئەو وشانە هەڵدەبژێرێت کە هاواتاکانی لەنێو خودی زمانەکەی خۆیدا بەردەستە و دەتوانرێت لەبریان لەتەوەری ئاسۆییدا چەندین وشەی دیکە دابنرێت بۆ هەمان واتا، (چۆمسکی)یش جیاوازی شێواز دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دەستەواژانەی لە مانادا هاواتان و لەداڕشتندا جیاوازن(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٢٥).

(C.F. Hocket)ی زمانەوانیش هەمان بۆچونی هەیە و دەڵێت: دەکرێت دو گوتن بەهەمان زمان کە هەمان مانا دەگوازنەوە، لە پێکهاتنیاندا جیاوازبن، بەوەش جیاوازی شێوازیان هەیە(شمیسا، ١٣٧٣، ٢٩)، بەهەرحاڵ کێشەی هەڵبژاردنی وشە لە دەقە ئەدەبییەکاندا هەمیشە پەیوەستە بە کێشەی جوانکارییەوە، بەهێزی مانا ودەربڕین، ئەمەش ئەو شوێنەیە کە شێوازناسی لە زمانناسی زیاتر دەڕوات و شێوازیش دەچێتە بواری ڕەخنەی ئەدەبییەوە و لەوانەیە بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە کام هەڵبژاردنی دەربڕین، کاریگەرتر یان گونجاوتر و جوانترە.

### ٣/٣/١ لادان لە نۆرم

یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە کاریگەری بەسەر چەمک و پێناسەکردنی شێوازەوە هەیە لادان لە نۆرمی ئاسایی زمانە، کە تێیدا زمان بەو پێوەرەی کە لەسروشتی خۆیدا بەڕێوەدەچێت، دەشکێنرێت، ئەم شکاندن و لادانەش دەبێتە هۆی جیاوازی شێوازیی جۆراوجۆر و ئاستی هەمەڕەنگ بەرهەم دەهێنێت. لادان لە سیستەمی زمانی باو و ئاسایی بۆ دەقی هونەری ڕێگە پێدراوە و تەنها تایبەتیش نییە بە دەقە ئەدەبییەکانەوە، بەڵکو لە دەقە ئایینییەکانیشدا و بەتایبەت لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکاندا چەندین دۆخی لەم جۆرە لەئاستەکانی زماندا بەدی دەکرێت، هەر ئەوەشە وایکردوە ببن بە خاوەنی زمانێکی تایبەت و شێوازی خۆیان.

لادان لە نۆرم تایبەتمەندییەکی گرنگی بواری شێوازە و وادەکات بەرهەمی ئەدەبی زمانی پێوەر تێپەڕێنێت و زمانێکی نوێ بۆ خۆی بنیاتبنێت، چونکە گەر نوسەر ئەو وشانەی کە هەڵێدەبژێرێت بۆ بنیاتی دەقەکەی هەمان ئەو واتا فەرهەنگییەیان هەبێت کە لەنێوخۆی زماندا هەیانە، ئەوکات دەقەکە وەک زمانێکی سادە و ساکار مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و باڵایی لەدەستدەدات، بۆیە نوسەرانی بەرهەمی ئەدەبی لەمبارەدا واتای نوێ لەوشەکان باردەکەن و زیاتر لەچوارچێوەی هونەری خوازەی ڕەوانبێژیدا وشەکان بەکاردەهێنن.

لەبواری ڕەخنەدا بابەتی لادان لەنۆرم چەندینجار خراوەتە بەرباس و بەشی هەرە زۆری ڕەخنەگران هاوهەڵوێستن، لەڕوانگەی ئەم چەمکەشەوە لە شێوازیان ڕوانیوە و پێناسەیان کردوە، بۆ نمونە ڤالیری دەڵێت: ((شێواز خۆی لەخۆیدا لادانە لە نۆرم))(چالی، ٢٠٠٨، ٢٥)، هەروەها بۆ شیکردنەوەی لادان جیاوازی لەنێوان شیعر و پەخشاندا بەوە کردوە کە پەخشان وەک ڕێکردنی ئاسایی(پیاسەکردن) داناوە و ڕیتمێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، شیعریشی بە سەما چواندوە کە جوڵەکانی لەسەر ڕێڕەوێکی شێواوە، پێی وایە وەک چۆن سەماکردن جوڵەکانی لەسەر هێڵێکی ڕاست نییە،

شیعریش بەهەمان شێوە لادانە لەو هێڵە ڕاستە، واتە لادانە لە ڕێڕەوی باو(لوصیف، ٢٠١١، ٤٢)، ئەمە بەلای سپیتزەرەوە پەیوەستە بەبارودۆخی دەرونیی نوسەرەوە و پێیوایە هەست و سۆزە دەرونییەکان، نوسەر توشی لادان لە ڕەفتارە دەرونییە ئاساییەکان دەکەن، بە شێوەیەکی سروشتیش دەبێ لادانێکی زمانیی هاوتا لە زمانی ئاسایی دروستبکەن(شمیسا، ١٣٧٣، ٣٣)، بەواتایەکی تر هەرکاتێک نوسەر توشی شڵەژانی دەرونی ببێت بەرهەمێکی ئەدەبی لەدایک دەبێت و ئەو شڵەژانە دەرونییەش بۆ خۆی زمانێکی گونجاو دەهێنێتە بون کە جیاوازە لە زمانی باو و پێوەر. (تۆدۆرۆڤ)یش هاوڕایە و بەلایەوە ئەگەر زمانی ئەدەبی هەموی پراکتیککردنی شێوەی ڕێزمان بێت، ئەوا لادان دروست نەدەبو، بەلای ڕیڤاتێریشەوە لادان تێکشکاندنی ڕێزمانە و هەندێ جاریش بەکارهێنانی دارشتنی زمانیی دەگمەنە(ویس، ٢٠٠٥، ١٠٢-١٠٣)، هەر ئەم تێڕوانینانە وا لە (کدکنی) دەکات بڵێت (لەڕاستیدا شیعر هیچ نییە، جگە لە شکاندنی نۆرمی زمانی ئاسایی و لۆژیکی، لە ئاخاوتنی ئاسایی و لە کتێبە زانستییەکاندا، یان لە دەربڕینە فەرمییەکاندا، زمان دۆخێکی هەیە کە هەموان هەمان شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵیدا هەیە، یان هەرکەسێک بە کەمێک گۆڕانکارییەوە گوزارشتی لێدەکات، بەڵام لە شیعردا زمان بریتییە لە شکاندنی ئەم نۆرمە باوە)(کدکنی، ١٣٨٥، ٢٤٠).

لە ڕوانگەی ئەم بۆچونانەوە دەگەینە ئەوەی کە لادان، هەر دەربڕینێکە، کە یاسای زمانیی باوی تێدا بشکێنرێت و جارێکی تر شێوازێکی نوێ لە ڕێگەی دەقەوە بنیاتبنێت، کە هەر نوسەر و ئەدیبێک بەپێی توانای خۆی و فەرهەنگە ئاوەزییەکەی بتوانێت یاسا و شێوازی نوێ و تایبەت بەخۆی دابڕێژێت و لەوێشەوە شێوازی تاکەکەسی خۆی لە قۆناغە ئەدەبییەکەدا پێ دیاریبکات.

### ٤/١ شێوازناسیی ئاماری

چەمکی شێوازناسیی ئاماری لەبواری ئەدەبدا بۆ خۆی موتوربەکردنی دو زانستە(ئەدەب و ئامار) لەیەکتر و هاتنەکایەی زانستێکی نوێیە، چونکە شێواز بەواتا باوەکەی کارکردنی زمانییە لەنێو دەقدا و ئاماریش زانستێکی ژمێرەییە و لە زۆر بواردا بەکاردەهێنرێت، لەکاتێکدا ئەم دو زانستە پێکەوە تێکەڵدەکرێن دەبێتە ڕێگایەکی نوێ و ناوی لێنراوە بە (شێوازی ئاماری) دەوترێت (شێوازی ئاماری پشت بە ژماردنی بیرکاری دەبەستێت بۆ چونە ناو دەقە ئەدەبییەکان ئامانجی بەدیهێنانی وەسفی ئاماریی دەقێکە، بۆ ئەوەی لە دەقەکانی دیکەی ئەدەب جیایبکاتەوە)(اشرف، ١٣٩٥، ٦٠).

لەڕوی مێژوییەوە وەک میتۆدێکی زانستی لە سییەکانی سەدەی ڕابردو هەردو زانستەکە پێکەوە بەکارهێنراوە، لەنێویشیدا گرنگی بە دوبارەکردنەوەی کەرەستەکانی دەق دەدرێ، بەڵام لەکاتێکدا ئەو دوبارەکردنەوانە سودبەخش بن بۆ توێژینەوەی شێواز و پێویستە کەرەستەی دوبارەکراوە لەڕوی ڕێژەی بەکارهێنانییەوە لەچاو کەرەستەکانی تری زماندا واتایەک بگەیەنن (اشرف، ١٣٩٥، ٦٠-٦١)، هەندێک لەتوێژینەوەکان یەکەم هەوڵی موتوربەی ئەم زانستە دەبەنەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و بەدیاریکراوی توێژینەوەیەکی (T.C. Mendenhall)ە لەساڵی ١٨٨٧دا دەربارەی شانۆنامەکانی شکسپیر، پاشان چەن توێژینەوەیەکی ئاماریی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەلایەن (Zipf) لەساڵی ١٩٣٢ و (Yule) لە ساڵی ١٩٣٨ و ١٩٤٤دا کە ئەنجام دراون، لێکۆڵینەوەی وردتر لەم بوارەدا لەلایەن (Mosteller و Wallace)وە لە ساڵی ١٩٦٤ لەسەر (Paper Federalist The) ئەنجامدراوە، کە بێ گومان یەکێکە لە توێژینەوە بەهێز و کاریگەرەکان لە دیاریکردنی ناسنامەی نوسەردا ئەم بەرهەمە بە سەرەتای لێکۆڵینەوەی ناتەقلیدی دادەنرێت بۆ

دەستنیشانکردنی ناسنامەی نوسەر. لەو توێژینەوانەدا هەوڵی ئەوە دراوە شێوازی نوسەر لەڕێگەی زمانەکەیەوە دەربخرێت(فرهمندپور و دیگران، ١٣٩١، ٢٧).

شێوازناسەکان ئامانجیان لەبەکارهێنانی ڕێگای ئاماری ئەوەیە بگەنە ئەنجامێکی وردی زانستی لەڕێگەی ژماردنی کەرەستە شێوازییەکان و بۆ ئەم مەبەستەش ژماردنی ئەلیکترۆنی و چەند جۆرێک لە خشتە بەکاردەهێنن بۆ ئەو کەرەستە دوبارەکراوانەی لەدەقێکدا هەن بۆ ئەوەی تایبەتمەندییە شێوازییەکان بدۆزنەوە و لەو ڕێگەیەوە بتوانن لە دەقەکە تێبگەن و پەسنی تیگەیشتنیان لەدەقەکە بکەن، بیرجیرۆ لەمبارەیەوە دەڵێت: ئەگەر مەبەست لەشێواز لادان بێت لە یاساکانی زمان، ئەوا ئامار ئەو زانستەیە کە لە لادانەکان دەکۆڵێتەوە و ئەو شێوازەیە کە ڕێگە بە تێبینیکردن و پێوانەکردن و لێکدانەوە دەدات (بیرجیرۆ، ١٣٤،١٩٩٤)، بۆیە دەوترێت (ڕەهەندی ئاماری لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا یەکێکە لەو پێوەرە بنەڕەتییە بابەتییانەی کە دەتوانرێت بۆ دەستنیشانکردنی شێوازەکان و جیاکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوانیان بەکاربهێنرێت، هەروەها کەرەستەیەکی بەنرخە بۆ پێوانەکردنی تایبەتمەندییە گرنگەکانی شێواز بەکاربهێنرێت، گرنگی ئامار لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ توانای جیاکردنەوەی خەسڵەت و تایبەتمەندییە زمانەوانییەکان لەیەکتر.)(بهشتی پور، ١٤٣٨، ٢٣).

لە ئەنجامی شیکارکردنی هەر دەقێک لەڕێگەی ئامارەوە هەندێک ژمارەمان دەست دەکەوێت وەک ئەنجامی کۆتایی، ئەو ژمارانەش بۆخۆیان گرنگ نین، بەڵکو لێکدانەوەی ژمارەکان گرنگییان هەیە، (زەعفەرانی) دەڵێت: (ژمارە زانست نییە، بەڵکو هەندێک کەس بەکاریان هێناوە بۆ بەرزکردنەوەی بازاڕەکەیان)(مصلوح، ١٩٩٣، ١٣)، بەو واتایەی کە ژمارە و ئەنجامەکان گەر لێکدانەوەیان بۆ نەکرێت و هەر بەتەنها بگوترێت لە دەقێکدا ئەوەندە کردار و یان ئاوەڵناو یان ...هتد هەیە، ئەوا هیچ بایەخێکیان بۆ توێژینەوە لەچوارچێوەی ئەدەبدا نابێت، بەڵکو دەبێت شیکاری ئەو ژمارانە بکرێت و هۆیەکەی دەستنیشانبکرێت، ئەوکاتە لە لێکدانەوەکەیدا دەتوانین بریار بدەین کە دەقەکە دەقێکی کردەییە و هەڵچونەکەی ڕاستەقینەیە یاخود سۆزێکی کاتییە و هیچی تر، بۆیە شیکارکردنی دەق بەپێی پێوەرەکانی شێوازناسیی ئاماری لەڕێگەی چەندێتییەوە بۆ گەیشتن بەئەنجامی کۆتایی و بڕیاردان لەسەر دەق (سەرنج دەخاتە سەر ژماردنی کەرەستە و وشەکانی ناو دەقێک، ئایا درێژی وشە و ڕستەکان، یان پەیوەندیی نێوان ئاوەڵناو و ناو و کردارەکان چۆنن؟ باوەڕیشی وایە لە شیکاری ئاماریی دەقدا کەرەستەکان هەمەچەشنتر بن، ئەنجامەکان وردتر و فراوانتر و دڵنیاکەرەوەتر دەبن)(بلیث، ١٩٨٩، ٣٧). بە واتایەکی تر ڕەهەندی ئاماری لە توێژینەوەی شێوازناسیدا یەکێکە لە پێوەرە بنەڕەتییەکانی دەستنیشانکردنی شێوازی جیاواز لە دەقێک یان کۆمەڵە دەقێکدا، کاری شێوازناسیی ئاماریش بەتەنها هەر ژماردن و ڕێژە دیاریکردنی بیرکارییانە نییە، بەڵکو ژماردن بەشێکە لە کارەکانی و دوای ژماردن، شێوازناس(توێژەر) دەبێت ژمارەکان شیبکاتەوە بۆ گەیشتن بە دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی شێوازی دەقەکە، شێوازی ئامارییش بەتێکڕای ڕێژەی دوبارەبونەوەی دیاردەیەکی دیاریکراو (کە دە جار یان سەد جار لە دەقێکدا دوبارەبوەتەوە) و ڕادەی زیادبون یان کەمبونی لە دەقێکی ئەدەبیدا دەتوانێت یارمەتیدەرمان بێت بۆ تێگەیشتن لە شێوازی ئەو دەقە و لێکدانەوەکەی، هەروەها دەتوانێت یارمەتیدەرمان بێت لە ناسینی نوسەرانی دەقە ناسراو و نەناسراوەکان.

بەشێوەیەکی گشتی کردەی شێوازناسیی ئاماری بۆ بەراوردکردن بەکاردەهێنرێت، جا ئەو بەراوردکردنە لەنێوان چەند کەرەستەیەکدا بێت لە نێو یەک دەقدا، یاخود کەرەستەیەک لەنێوان چەند دەقێکدا یان چەند کەرەستەیەک لەنێو

چەند دەقێکدا، بە مەرجێک دیاریکردنی ئەو کەرەستانە بۆ بەراوردکردنەکە سودبەخش بن بۆ دیاریکردنی شێوازی دەق یان دەقەکان. ئەگەر چی ڕەخنەگران لە چۆنێتی کارکردنی ئامار و بەتایبەت دیاریکردنی کەرەستەکاندا تەبانین و هەریەکە و بۆ دیاریکردنی شێوازی دەقێک یان نوسەرێک ڕێگەیەک دەگرێتەبەر(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٣٦-٣٨) بەڵام بەلامانەوە ئەو خاڵانەی (سعد مصلوح) بۆ پرۆسەی شێوازی ئاماری خستوەتەڕو زۆرگونجاون بۆ دیارکردنی شێوازی دەقێک، نوسەرێک، کۆمەڵە نوسەرێک، قوتابخانە و قۆناغێکی ئەدەبی، یان بۆ بەراوردکردنی هەریەک لەوانە، دیارترین خاڵەکانیش ئەمانەن:

1. ڕێژەی بەکارهێنانی کەرەستە فەرهەنگییەکان.
2. ڕێژەی بەکارهێنانی پێکهاتە زمانییەکان، وەک(ئاوەڵناو ، کار ، ئاوەڵکار ، ناو ، ...هتد).
3. ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی کورت و درێژ.
4. ڕێژەی کورتی و درێژی ڕستەکان.
5. ڕێژەی بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕستە، وەک: (ڕستەی ناوی، ڕستەی کاری، ڕستەی سادە، ڕستەی لێکدراو،...هتد).
6. ڕێژەی (خوازە ، خواستن، ...هتد)(مصلوح، ١٩٩٢، ٣٤).

هەرچۆنێک بێت، زانستی شێوازی ئاماری یەکێکە لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە لە سەردەمی هاوچەرخدا، کە دەتوانرێت بۆ دەستنیشانکردنی شێوازە جیاوازەکان بەکاربهێنرێت، ماوەتەوە بڵێین زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لەڕێگەی ئامارەوە ئەنجامدەدرێن پێویستیان بە چەند جۆرێک لەخشتە و دایاگرام و هێڵکاری هەیە بە پێی مۆدێلە ئامارییەکە، کە یارمەتیدەردەبن بۆ تێگەیشتن لەئەنجامە بەدەستهاتوەکان.

### ٢/ پراکتیزەکردنی شێوازناسیی ئاماری بەسەر قەسیدەی (گەرمیان و دارڕژانی ڕۆح)دا.

### ١/٢ (گەرمیان و دارڕژانی ڕۆح) لەژێر تیشکی (مۆدێلی بوزیمان)دا.

### ١/١/٢ پوختەی مۆدێلی ئاماریی بۆزیمان.

مۆدێلی ئاماریی بوزیمان یەکێکە لە دیارترین ئەو جۆرانەی ئامار کە لەبواری شێوازناسیدا بەکاردەهێنرێت، زانای ئەڵمانی (A. Busemann) لەساڵی ١٩٢٥ بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی زمانی ئەدەبی دایهێناوە، تێیدا ڕێژەی ڕوداو بەڕێژەی وەسف بەراورد دەکرێت، دواتر لەلایەن زانای دەرونناسی (V. Neubawer)ەوە گۆڕانکاری لە هاوکێشەکەدا کراوە بەوەی لە بەرانبەر ڕوداودا کارەکان و لەبەرانبەر وەسف هاوەڵناوەکان وەرگیراون، هاوکێشەکەش بە (VAR)ناسراوە کە (V بەواتای (Verb)کار، A بەواتای (Adjective)هاوەڵناو، R بەواتای (Ratio)ڕێژە) و بەم جۆرەیە:

$$var(\text{ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو}) = \frac{verb(\text{کار})}{adjectiv(\text{هاوەڵناو})}$$

بەپێی هاوکێشەکە ژمارەی کارەکان دابەشدەکرێت بەسەر هاوەڵناوەکاندا، واتە (ڕێژەی کار بۆ هاوەڵناو)، هەتا ئەو ژمارەیە پلەکەی بەرز بێت شیعرێتی دەق زیاترە، بۆزیمان توێژینەوەکەی لە چیرۆکی منداڵاندا ئەنجامداوە و تێبینی ئەوەی کردوە ژمارەی ئەو وشانەی تەعبیر لەڕوداو و کردەکان دەکەن زیاتر بەکارهێنراون لەو وشانەی تەعبیر لە هاوەڵناو دەکەن، هەروەها تێبینی ئەوە کرد باری هەڵچونیان بەرز و چالاکە، لە مرۆڤە ئارامەکان زیاتر کار بەکاردەهێنن؛ کەسانی ئارام زیاتر سیفات بەکاردەهێنن(مصلوح، ١٩٩٢، ٧٣-٧٦).

توێژینەوەکانی ئەم بوارە ئەوەیان خستوەڕو ڕێژەی بەدەستهاتوی کار بۆ هاوەڵناو لەنێو دەقە شیکارکراوەکاندا وەکیەک نین و دەگۆڕێن، ئەویش بە دو شێواز، یەکەم: لەسەر ئاستی پێکهاتەیی دەق، بۆ نمونە ڕێژەی کار لە شیعردا بەرزترە بەراورد بە پەخشان، لە ئاخاوتندا بەرزترە بە بەراورد بە نوسین، لە دەقی ئەدەبیدا بەرزترە بە بەراورد بە بابەتی ڕۆژنامەوانی(وتار و هەواڵنامە و...هتد)، لەشیعری لیریکیدا بەرزترە بەراورد بە شیعرێکی بابەتی...، دوەم: لەسەر ئاستی ناوەڕۆکی دەق، تەمەن کاریگەری لەسەر زیادکردنی ڕێژەی کار هەیە، بۆ نمونە لە تەمەنی گەنجی و لاویدا بەرزترە بەراود بە تەمەنی پیری، هەروەها ڕەگەزیش کاریگەری خۆی هەیە بۆ نمونە لای ڕەگەزی مێ بەرزترە بەراورد بە ڕەگەزی نێر(مصلوح، ١٩٩٢، ٧٥-٧٦ و ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٣٩، حەمەد و ڕۆژگار، ٢٠١٨، ٤٥٢-٤٥٣)، بەتێبینیکردن لەم بابەتە دەتوانین بڵێن دەکرێت لەنێو خودی یەک ڕەگەزی ئەدەبیشدا و تەنانەت لە دو دەقی یەک نوسەردا بەهۆی تێمای جیاوازەوە ڕێژەی کار بۆ هاوەڵناو گۆڕانی بەسەردا بێت، هەندێک لە توێژەران لەو باوەڕەدان ئەم شێوازی ئامارییە ((جوانی دەق ئاشکرا ناکات، بەڵام ئەگەر بچێتە پاڵ ڕێبازی تر بۆ ئاشکراکردنی لایەنەکانی جوانی ئەدەبی ئەوا سودی زیاتر دەبێت و بواری ڕەخنەی ئەدەبی فراوانتر دەکات))(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٣٩).

ماوەتەوە بڵێن کەرەستەی ئەژمارکراوی کار و هاوەڵناو لە دەقەکاندا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە و ئەو جیاوازییەش پەیوەستە بە تایبەتمەندێتی پێکهاتەیی کار و هاوەڵناو لە زمانە جیاوازەکاندا، بەو هۆیەی کە پێویستە کاری ئەژمارکراو کارێک بێت پەیوەست بەڕوداوەوە، ڕونتر بڵێین ئەو کارانەی کە لە پرۆسەی ئاماریدا ئەژمار دەکرێن پێویستە کارێکی تەواو بن و ئاماژەیان بەڕوداوێک کردبێ، لە زمانی عەرەبیدا هەندێک لەو کارانەی کە ئەژمارناکرێن بریتین لە: الافعال الناقصه وەکو: (کان و هاورێکانی بەمەرجێ وەکو کاری تەواو بەکارنەهاتبن)، الافعال الجامده وەکو: (نعم، بئس)، افعال الشروع والمقاربه وەکو: (کاد و هاورێکانی)، جگە لەمانە لەپرۆسە ئامارییەکاندا هەمو کارەکانی دیکە ئەژمار دەکرێن، سەبارەت بە هاوەڵناویش هەمویان ئەژماردەکرێن بەمەرجێک هاوەڵناوەکە پەسنکراوەکەی لە دەقەکەدا هاتبێ(مصلوح، ١٩٩٢، ٧٧-٧٨)، لە زمانی فارسیشدا هەروەکو زمانی عەرەبی لە پرۆسەی ئاماریدا هەمو ئەو هاوەڵناوانەی کە پەسنکراویان لەگەڵدا دێت لەنێو دەقەکاندا ئەژماردەکرێن، سەبارەت بە کارەکانیش هەمویان ئەژمار دەکرێن جگە لەکاری ناتەواو کە بە (افعال اسنادی) ناو دەبرێت(ناعمی، ١٣٩٨، ١٣٠)، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێوەرانەی زمانانی بیانیدا لە پرۆسەی شێوازی ئاماریی دەقەکەی بەردەستماندا تەنها کرداره ناتەواوەکان ئەژمارناکەین بەو هۆیەی بناغەی مۆدێلە ئامارییەکە، کە لەسەر بنەمای ڕوداو و سیفاتە و هەمو سیفاتەکان لە زمانی کوردیدا بەرانبەرن بەهاوەڵناو، سەبارەت بەکارەکانیش کاری ناتەواو لە زمانی کوردیدا تەنها لەو ڕستانەدا دەردەکەون کە پێکهاتەکەی نیهاد و گوزارەن، بۆیە کارەکەیان ئاماژە بەڕوداو ناکات، تەنها ئەو کاتە دەژمێردرێت، کە وەکو کاری تەواو هاتبێ، چونکە (بو) کە کاری ناتەواوە لە هەندێ باردا بە واتای (هەبون)ی کرداری تەواو دێت، بۆ نمونە: (ئێمە خانویەکی گەورەمان بو)، یان بەواتای

(لەدایکبون، خاوەندارێتی، بون(وجود)، بەشێک لەکاری نسادە) هات ئەو کاتە وەکو کارێکی تەواو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لە کۆتاییشدا (پێویستە لە کاری ئاماریدا بە وردبینییەوە سەرنج لە سێ دەستور بدەین:

1. کار و بابەتی ژماردنەکە بە وردی بناسێنین و نیشانی بدەین.
2. بۆئەوەی بتوانین بە دروستی و وردی کاری ژماردنەکە ئەنجام بدەین، داوای یارمەتی لە کەسێک بکەین، یان لە ڕێگەی کۆمپیوتەر (ژمێرەر) ەوە ئەم کارە ئەنجام بدەین.
3. دڵنیابین کە ئامار ئاگاداری لە بابەتی توێژینەوەکەمان دەکات)(محمود فتوحی، ١٣٩١: ١٧١).

ئێمەش لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسەدا دەقەکە و خشتە و دایاگرام و ڕێژەی بەرزی شیعرییەتەکەی لەڕوانگەی مۆدێلەکەوە شیکار دەکەین.

## ٢/١/٢ پراکتیزەکردنی مۆدێلی بوزیمان لەسەر قەسیدەی (گەرمیان و دارڕژانی ڕۆح).

دەقی گەرمیان و دارڕژانی ڕۆح دەقێکی دیوانی (چراکانی سەر هەڵەموت)ی شێرکۆ بێکەسە کە لەساڵی ١٩٩٩ دا بڵاوی کردونەتەوە، وەک خۆی دەڵێت:((چراکانی سەر هەڵەموت کۆمەڵە ئەزمون و ئەوینێکی تری ژیانی ئەدەبیی منە. ئەو پەخشانانەن کە لە هەناسەکانی شیعر خۆی موتوربە کراون. هەڵوێستی بەرجەستەن و گوڵدانی وەفان بۆ ئەو هاوڕێ و مامۆستا و پێشمەرگە و خۆشەویستانەی بەجێیان هێشتین و بەڵام دوای خۆیان مانایەکیان دا بە ژیان و خەبات و داهێنان و منیشیان لە ئەوینی خۆیاندا نوقم کرد))(بێکەس، ٢٠٠٦، ٦٢٧)، ئەم دەقە لەڕوی دارشتنەوە شێوازێکی شیعری و لەهەندێ باریشدا هەستدەکەیت پەخشانێکە هەربۆیە خۆی دەڵێت: (هەندێ جاریش، ناوی (وتەی ئەدەبی) یان (پەیڤی شیعریش)م لێ ناون... شایەنی ئاماژە بۆکردنە کە گەلێ جار تخوبەکانی نێوان شیعر و پەخشان هەر تەواو کاڵ ئەبنەوە، بەگران لە یەکتر جوێ ئەکرێنەوە. ڕەنگە پەخشان بە بەراورد لەگەڵ شیعردا، بە دەنگێکی بەرزتر و هەندێجاریش ڕاستەوخۆتر بدوێ. زمانی مەجازیشی تەنکترە و مەنتیقی عەقڵی زاڵترە و دەرگاکانی خۆی زیاتر ئەکاتەوە. بیرمە جارێک لە دیدارێکدا وتم: شیعر شاخوداخی زمانە و بەڵام پەخشان پێدەشتێتی.!))(بێکەس، ٢٠٠٦، ٦٢٦). ئێمە لێرەدا لەبەر درێژی قەسیدەکە تەنها چەند دێرێکی لێ دەنوسینەوە.

***گەرمیان و دارڕژانی ڕۆح***
***ئەم پێدەشتە بەگڕەیە و ئەم ژیلەمۆی خۆڵە،***
***پێستی کام قەسیدەی سوتاو و کام مێژوی هەڵقرچاوە؟!***
***ئەم بەرایی گەرمێنە چ کڵپەیەکی تیا زاوە و***
***چ گێژەڵوکەیەک بە دەمی وەیشومە و تەندورەکانی خۆی،***
***خوێنی ڕەشتاڵەی قوربانییەکانی تیا نوسیوەتەوە؟!(بێکەس، ٢٠٠٦، ٧٥٦).***

دیاریکردنی ڕێژەی (VAR) لە دەقی (گەرمیان و دارڕژانی ڕۆح)ی (بێکەس، ٢٠٠٦، ٧٥٦-٧٦٦)دا کە بەنزیکەیی (١٣٨٠) وشەیە لە کاتی پێوانەکردنی بەپێی هاوکێشەی بوزیمان، ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو (VAR) بەم شێوەیەی خوارەوە دەرکەوت:

ژمارەی کار لە دەقەکەدا: ١٢٢

ژمارەی ئاوەڵناو لە دەقەکەدا: ٩٩

ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو(VAR) = ژمارەی کارەکان / ژمارەی ئاوەڵناوەکان

ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو = ١٢٢ / ٩٩


ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو = ١،٣٣

دەتوانین پێکهاتەی کار و هاوەڵناو بەگشتی لە کۆی دەقەکەدا لەم خشتەی خوارەوەدا بخەینەڕو:

| گەرمیان و دارڕژانی ڕۆح | ڕێژەی بەکارهێنانی کار | ڕێژەی بەکارهێنانی ئاوەڵناو |
|---|---|---|
| | %٩ | %٧ |


خشتەی ژمارە (١)

دیارە کارەکانی ئەم دەقە لە ڕوی پێکهاتنەوە هەمویان یەک پێکهاتەیان نییە، بۆیە لەم خشتەیەدا ڕێژەی زۆری و کەمی بەکارهێنانیان نیشاندەدەین.





خشتەی ژمارە (٢)

هەروەها کارەکانی ئەم دەقە لە ڕوی دەم و کاتەوە تایبەت بەکاتێکی دیارێکراو نین، بۆیە لەم خشتەی خوارەوەدا دەمکاتەکانیان نیشاندەدەین.




خشتەی ژمارە (٣)

هەرچی ئاوەڵناوەکانیشە لەڕوی پێکهاتنەوە هەر سێ جۆرەکەی (سادە، دارێژراو، لێکدراو) تاڕادەیەک لەڕوی ڕێژەی بەکارهێنانیانەوە نزیکن لەیەکەوە، کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا نیشاندراون.




خشتەی ژمارە (4)

لێرەدا دەپرسین ئایا ئەو ڕێژەی بەکارهێنانی ژمارەی کار و هاوەڵناوانەی بەکارهاتون چیمان پێدەڵێن؟ وەک دەبینین ڕێژەی کار زیاترە لە ڕێژەی ئاوەڵناو، واتە ڕێژەی (VAR) بەرزە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پلەی ئەدەبی شێوازی دەقەکە بەرزە، بەو پێیەی بناغەی مۆدێلەکە بۆی دیاری کردوین، ئەگەرچی ئەم ئەنجامە لەدەقێکەوە بۆ دەقێکی تر یان لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دەگۆڕێت، واتە ڕێژەییە.

دەقەکە هەڵچونی زۆرە و ورژان و جوڵەی دەرونی شاعیر پیشان دەدات، کە بەپێی هاوکێشەی بوزیمان هێزی شیعرییەتی بەرزبوەتەوە، یەکێ لە هۆکارەکانی بەرزبونەوەی ئەم ڕێژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە دەق هاوچەرخ و نوێدا دێڕە شیعرەکان لە ڕوی واتاوە لە یەکتری داناپچڕێن و زۆرجار دەق لە سەرەتاوە تا کۆتایی وەک ڕستەیەکی درێژی لێدێت، کورتی و درێژی دەربڕینیش کار دەکاتە سەر ڕێژەکە ((چونکە کە قسە خێراتر دەکرێت، ئاوەڵناو کەمتر بەکاردەهێندرێت))(حەمەد و ڕۆژگار، ٢٠١٨: ٤٥٥)، واتە مەبەست لە خێراتری قسەکردن ئەوەیە، کە ئاخاوتنی ڕاستەوخۆیە و هەردو ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوە یەکن.

لە شێوازە ئامارییەکاندا شیکردنەوەی دەقەکان زیاتر بۆ مەبەستی بەراوردکردنی نێوان دو دەق یان بەرهەمی دو شاعیر یان دو قۆناغی ئەدەبیین، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەست تەنها دەقێکمان هەڵبژاردوە و مەبەستمانە


لەڕێگەی ئامارەوە کورد گوتەنی (مشتێ نمونەی خەرمانێکە) دەقەکانی شێرکۆ کنە و پشکنین بکەین، ئەوەی لە ئەم ئامارەوە بەدەست دەهێنرێت دەتوانێت سودبەخش بێت بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی تاکە دەقێک یان دیوان و کۆمەڵە شیعرییەکانی شاعیرێک، لە کۆتاییشدا لەڕێگەی ئەو زمانەوە شاعیرەکە و شێوازەکەی بناسینەوە، هەروەها لەڕێگەی شێوازی ئامارییەوە ئەگەرچی بەتەنها ناتوانین بڕیار بدەین، بەڵام ئەنجامەکەی هۆکارێکی باشە بۆ دۆزینەوەی ئەو دەقانەی کە لەنێوان دو شاعیردا ساغنەکراونەتەوە، ئەمەش کاتێک تەواوی بەرهەمی شاعیرێک دەخرێتە ژێر زەرەبینی ئەم ئامار و پشکنینەوە، لەم شێوازە ئامارەدا ئەگەر بەتەنها ڕێژە و ژمارەی بەکارهێنانی هەندێ لە کەرەستەکان بە دەستبهێنرێت، ئەوا لە ئاماری (زامب) کە لەدوای ئەم باسەوە دەچینەسەری فۆرم و شێوازێکی وێنەیی لە ئاماری دەقەکەوە بەدەست دێت و زیاتر دڵنیامان دەکاتەوە لە ساغکردنەوەی دەقە کێشە لەسەرەکاندا.

## ٢/٢ (گەرمیان و دارڕژانی ڕۆح) لە ژێر تیشکی (مۆدێلی زامب)دا

### ١/٢/٢ پوختەی مۆدێلی ئاماریی زامب

ئەو توێژینەوانەی لەبواری شێوازگەریدا کاریان لەسەر دەقی ئەدەبی کردوە زۆروزەوەندن، لەنێو ئەو توێژینەوانەدا کە ئامارییان کردوەتە بناغە بۆ شیکارکردنی دەقەکان کەم نین و چەندین جۆر و مۆدێل و شێوەی جیاواز لەلایەن ڕەخنەگرانەوە خراونەتە بەردەست، بەو هۆکارەی ((ئامار بوەتە ڕێگەیەک تا دەرئەنجامی باوەڕپێکراوی لێ هەڵبهێنجرێت، چونکە ئەنجامەکانی لە ڕێگەی ژمارەوە دەخرێتەڕو، لە ئێستای لێکۆڵینەوە لە دیاردە زانستییەکاندا زۆر جێی بایەخە و زۆرجار لە ڕێگەی ئامێری کۆمپیوتەر و ژمێریارەوە ئەنجامەکانی بە ڕێژەی سەدی لە هەمو بوارەکاندا دەستنیشان دەکرێت، بەوەش دەرئەنجامێکی دروست بەدەستدەهێنرێت. لە کۆندا ئامار تایبەت بو بە بوارە زانستییەکانی وەک بیرکاری و هاوچەشنەکانی، ئەم بابەتە لە ئێستای توێژینەوەدا لە بواری زانستە سروشتی و مرۆڤایەتییەکانیشدا جێی متمانەیە و هاتۆتە نێو بوارەکانی زانستی زمان و ئەدەبەوە، دەتوانرێت بۆ دیاریکردنی دیاردە ئەدەبییەکان و ڕێژەی بەرزی و نزمی ئەو دیاردانە لەلای نوسەرێک یان کۆمەڵە نوسەرێک و زۆرجار دەقی قۆناغێکی پێ دیاری بکرێت)) (عەلی، ٢٠٢٣، ٤٢).

مۆدێلی ئاماریی (زامب)یش یەکێکە لەو مۆدێلانەی کە بەشێوەیەکی ورد لەڕێگەی ئامارەوە کار لەسەر دەقی ئەدەبی دەکات، کە تیایدا چەند هێڵێک کە لەخاڵێکدا یەکدەگرنەوە و لەشێوەی ئەستێرەیەکدایە هەریەک لەو هێڵانە بۆ بەشە ئاخاوتنێک یان جۆرێکی کەرەستە کە کاریگەرییان لە شێوازدا هەیە، دانراوە، هێڵەکان بە ژمارە دەنەخشێنرێن تا ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو کەرەستە یاخود بەشە ئاخاوتنەی بەڕێژەی سەدی لەسەر دیاریبکرێت، دواتریش ئەنجامەکانی هەریەک لەو هێڵانە بەیەک دەگەیەنرێن و وێنەیەک بەرهەمدێت، کە دەبێتە نەخشی دەقی شیکارکراو، تەنانەت دەتوانرێت بۆ دیوانێک یان قۆناغێکی ئەدەبیش ئەم شێوە ئامارە ئەنجامبدرێت، لەم پرۆسەیەدا وەک (پەخشان عەلی) دەڵێت: توێژەران بە دوای جیاوازییە دیارەکانی نوسەر و دانەردا دەگەڕێن(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٣٧)، لەهەمانکاتیشدا دەتوانرێت نەک تەنها یەک نوسەر بەڵکو دەتوانرێت چەند نوسەرێک یان نوسەرانی قۆناغێک بەراورد بەقۆناغێکی تر بکرێت و جیاوازییەکانیان لەڕێگەی ئەو نەخشەی بەرهەم دێت بەڕونی ببینرێت، وەک ئەم نەخشانەی لە ئەنجامی شیکارکردنی بەرهەمی چەند نوسەرێکەوە بەدەستهاتون لەلایەن دانەری مۆدێلەکەوە، کە بۆ سێ نوسەری کردون.




وێنەی ژمارە (١) لە (Guiraud, 1970, 219) وەرگیراوە.

وەک دانەری مۆدێلەکە دەڵێت ئەم ئامارە لەساڵی ١٩٥٦ بۆ توێژینەوە لەسەر هەندێک کاری شێوازیی کە (لە ژێر سەردێری کاری پراکتیکی لە فاکەڵتی ئەدەبی زانکۆی هامبۆرگ ئەنجامدراون) بەکارهێنراون، وەک خۆی دەڵێت: ئەو هەشت هێڵە دەتوانرێت تا شازدە هێڵ بچێت، بەڵام باشترینیان لە نێوان پێنج بۆ دوازدە هێڵە( Guiraud, 1970, 218)، پرۆسەی پێوانەکردنەکەی بە فەرەنسی پێیدەوترێت (la stylométrie) واتە (مەتری شێوازی) لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا واپێناسەکراوە (بریتییە لە شیکارکردنی ئاماری گۆڕانکارییەکانی شێوازی ئەدەبی لەنێوان دو نوسەر یان دو ژانری ئەدەبیدا)(Stevenson, 2010, 1771)، ئەو ئەنجامەش کە دوای شیکارکردنی دەقەکە بەدەست دەهێنرێت و وەک لەوێنەکەی سەرەوەدا دەبینرێت بە فەرەنسی پێی دەوترێت (Les stylogrammes) واتە نەخشی شێواز، کە ( J. Brenner) وا پێناسەی دەکات: بریتییە لە گرافیکێکی کۆمپیوتەری و لەشێوەی هێڵکاریدا دادەنرێت بۆ هەندێک بەشی دەق لەلایەن کەسایەتییە دیارەکانەوە(J. Brenner, 1989, 193)، (ج. ن. هوک)یش لەبارەیەوە دەڵێت: دەتوانرێت کۆمپیوتەرەکان بەجۆرێک بەرنامە دابڕێژرێن کە شیکاری دەقێکی چاپکراو بکات بۆ نیشاندانی ڕێژەی سەدی وشەکانی وەکو ناو و کردار یان بەشەکانی تری ئاخاوتن و قسەکردن(J.N.Hook, 1991, 165)، دیارە ئەمەش بەمەبەستی دیاریکردنی شێوازی نوسەر/قسەکەرە و لێرەشەوە تایبەتمەندییە شێوازییەکانی دەردەکەوێت.

ئەو کەرەستانەی کە (جێن ماری زامب) بۆ مۆدێلە ئامارییەکەی دیاریکردون، خۆی لە ئەمانەدا دەبینێتەوە، ئەوەندەی کە هەیە لەم ئامارەدا کرداره ناتەواوەکان لە ئەژمارکردنی ڕێژەی سەدی کاردا لەگەڵ کارە تەواوەکاندا جیاناکرێنەوە.

١.ناوەکان ٢. جێناوەکان

٣.ئاوەڵناوەکان ٤. کارەکان

٥. کات و شوێن ٦. ئامرازی پەیوەندی

٧. ئامرازی گەیەنەر ٨. ئامرازی پێکەوەبەستن(Guiraud, 1970, 219)

وەک خودی زامب دەڵێت: لە مەتری شێوازییدا ناتوانین هیچ شتێک لە بواری لێکۆڵینەوەکەدا جێبهێڵین کە بتوانرێت بپێورێت...دەتوانین ژماردنەکان و شیکارکردنی هۆکارەکانی و پێشبینییە ئامارییەکان، بەراوردکردن بکەین، بە تێگەیشتنمان لەکۆی گشتی ئەنجامەکان لە کۆتاییدا حوکمدان لەسەری دەکرێتە جوانکاری(Guiraud, 1970, 216)، تێبینییەکی گرنگ لەم مۆدێلەدا، کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە، لە زمانی تیۆریستەکەیدا جێناوەکان وشەی


سەربەخۆن، بەڵام لە زمانی توێژینەوەکەی ئێمەدا لەبەرئەوەی بەشێک لەجێناوەکان(مەبەست لە جێناوە لکاوەکانە) دەلکێن بە وشەکانی ترەوە، هەروەها هەندێک لە وشەکان وشەی لێکدراو و دارێژراون(ناسادەن) واتە لە وشەیەک زیاترن، بۆیە مەرج نییە کۆی ژمارەی کەرەستە جیاکراوەکان هاوتای ژمارەی کۆی وشەکانی دەقەکە بن، لەبەرئەوەش ئەنجامە ئامارییەکە لەسەر بناغەی وشەکانی کەرەستەکە بەرزی و نزمی هێڵەکان لە وێنەکەدا دەنەخشێنێت، بە واتایەکی تر لەم ئامارەدا کۆی ژمارەی هەمو کەرەستەکان لەبری ژمارەی وشەکان تۆماردەکرێت، پاشان بۆ دیاریکردنرێژەی هەر کەرەستەیەک دابەشی ژمارەی هەمو کەرەستەکان دەرێت تا ڕێژەکەی دیاری بکرێت.

## ٢/٢/٢ پراکتیزەکردنی مۆدێلی زامب لەسەر قەسیدەی (گەرمیان و دارِژانی ڕۆح).

لەسەر بناغەی مۆدێلەکە کەرەستە زمانییەکانی دەق بەسەر ئەو هەشت بەشە ئاخاوتنەی پێشودا دابەشدەکرێن و هەریەکەشیان دەبنە سەری هێڵێک لە شێوازە وێنەییەکەدا، دواتر هەریەکەیان بەپێی ڕێژەی بەکارهێنانی لە دەقەکەدا لەڕێگەی کۆمپیوتەرەوە لەخاڵێکدا جێگیردەبێت، پاشان کۆی خاڵەکان بەیەک دەگەیەنرێت و نەخشێک دێتەبەرهەم، کە دەبێتە تەواوی تایبەتمەندییەکانی دەقەکە، هەر ئەمەشە وای لە (فرِۆسیس) کردوە کە بڵێت:(شێوازی وێنەیی بە جۆرێک لەجۆرەکان مۆدێلێکە لە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی دەق و پێدەچێت گرنگیدانی زیاتر بە هەڵبژاردنی شێوازی وێنەیی بیرۆکەیەکی باش بێت)(Forsyth, 1995, 53).

ئێمەش لەدوای بەشکردن و شیتەڵکردنی وشەکانی ئەم قەسیدەیە بەسەر ئەو هەشت بەشە ئاخاوتنەدا ئەم ڕێژەیانەمان لێ بەدەستهێنا:

ناوەکان (٥٣٤) دانە، هەمو وشەیەک کە ناو بێت بۆ شت یان ناوی واتاییش بێت ئەژمارکراوە، جێناوەکان(١٥٤) دانە، هەمو جۆرەکانی (لکاو، سەربەخۆ، هەیی، خۆیی، نادیار...هتد) ئەژمار کراوە، هاوەڵناو (١٦١) دانە، لەم مۆدێلەدا هەمو جۆرەکانی هاوەڵناو ئەژماردەکرێن، ئەمە لەکاتێکدا لە مۆدێلەکەی پێشو (بۆزیمان)دا تەنها هاوەڵناوێک ئەژماردەکرێت کە پەسنکراوەکەی لەگەڵدا هاتبێت، کار (١٦٠) دانە، هەمو جۆرەکانی کار بە تەواو و ناتەواو و دەمکاتەکانیانەوە ئەژمارکراون، هاوەڵکار (٤٧) دانە، تەنها (کات، شوێن) ئەژمارکراون، چونکە لە بناغەی تیۆرەکەدا هەر ئەوانە دیاریکراون، ئێمەش لەبەرئەوەی لەتیۆرەکە لانەدەین، بۆیە تەنها ئەو دو جۆرەمان ئەژمارکردوە، ئامرازی پەیوەندی (١٤٥) دانە، ئامرازی گەیەنەر (١١) دانەی تێدابوە، مەبەست لە ئامرازی گەیەنەر وەک وشەکانی (ئەگەر، کە، هەتا، هێشتا...هتد)ین، ئامرازی پێکەوەبەستن (١٣٢) دانەی تێدابوە، کە مەبەست لە ئامرازی پێکەوەبەستن وشەکانی (بەڵام، یان، ئینجا، و، چونکە...هتد)ین، پاش ئەوەی ئەنجامەکان لە کۆمپیوتەردا تۆمارکران ئەم وێنەیەی لێبەرهەمهات:




وێنەی ژمارە (٢) ئەنجامی شیکاری بەپێی مۆدێلی زامب

کۆی کەرەستە جیاکراوەکان بۆ ئەم مۆدێلە (١٣٤٤) کەرەستەیە و نزیکە لە کۆی ژمارەی وشەکانی دەقەکەوە کە (١٣٨٠) وشەیە، وەک پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە و بەو هۆیەی هەندێک لە وشەکان لێکدراون، واتە خۆی بە دو وشەیە لە وشەکانی دەقەکەدا ئەژمارکراوە، بەڵام لە سیستەمە ئامارییەکەدا وەک یەک وشە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، یان جێناوە لکاوەکان خۆیان بە وشەیەکەوە لکاون و لەناو دەقەکەدا ئەژمار ناکرێن، لەپرۆسە ئامارییەکەشدا جیادەکرێنەوە، بۆیە مەرج نییە ژمارەی هەمو کەرەستەکان هاوتای ژمارەی هەمو وشەکان بێت.

وەک دەبینین لە ئەنجامدا دەقی قەسیدەی (گەرمیان و دارڕژانی ڕۆح) زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکەی ناوە، کەرەستەکانی دیکەش هەریەکەیان بەپێی ژمارەی بەکارهێنانی لەدەقەکەدا ڕێژەیەکی تێدا بەکارهاتوە، کەمترین ڕێژەش بەکارهێنانی ئامرازە گەیەنەرەکانە، لێرەدا پرسیاری ئەوە دێتەئارا، کە ئایا سودی ئەم وێنەیە چییە؟ ئێمە لە ئەدەبی کوردیماندا چۆن دەتوانین کەڵکی لێوەربگرین؟ یان ئایا گۆڕینی شوێنی ئەو کەرەستانەی نێو وێنەکە تا چ ڕادەیەک ڕێگەپێدراوە؟ یان ئایا لەکاتێکدا گەر هەر دەقێکی دیکە دابەشبکرێت بۆ بەشە ئاخاوتنەکانی و لە کۆمپیوتەردا تۆماربکرێت کە نەخشێکی تری لێ دێتەبەرهەم ئەو نەخشەیە چیمان پێدەڵێت؟

وەک لە پێشەکی مۆدێلی ئاماری زامبدا ئاماژەی بۆ کراوە لەم جۆرە ئامارەدا بەهۆی دیاریکردنی تەواوی تایبەتمەندییەکانی دەقەکەوە شێوازێکی وێنەییمان دەستدەکەوێت، کە لە دەقی هەر نوسەرێکی دیکەدا لەم جۆرە وێنە(دایاگرام) شێوازییە دەستبکەوێت پێویستە بەگومانەوە لێی بڕوانرێت بەو مەبەستەی دەکرێت دزییەکی ئەدەبی بێت(Guiraud, 1970, 215)، کەوایە ئێمە دەتوانین بۆ بەراودی بەرهەمی دو نوسەر کە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبێ، بەکاریبهێنین، هەروەها بۆ ئەو دەقانەی کێشەلەسەرن، وەک ئەو دەقانەی لەنێوان دو نوسەردا یەکلایی نەبوەتەوە، ئەمەش بەو جۆرەی بەرهەمی هەردو شاعیر بەم پێوەرە دەپێوین و پاشان دەقە کێشەلەسەرەکەش دەپێوین بەو پێیەی نەخشەکەی لە بەرهەمی کام شاعیریانەوە نزیک بو، ئەوکاتە بڕیاردەدەین هی کامیانە، چونکە ئەگەر لەمۆدێلی بوزیماندا نەتوانین بڕیاردان و حوکمدانمان هەبێ، ئەوا لەم مۆدێلەدا تارادەیەکی باش ئەو توانایەمان بەهۆی دەستخستنی وێنەکەوە دەبێت.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا گۆڕینی شوێنی کەرەستەکان لە وێنەکەدا تا چ ڕادەیەک ڕێگە پێدراوە؟ دەڵێین دانانی ئەو شوێنانەی بۆ هەر جۆرە کەستەیەک لەو هەشت جۆرە، کە دانراوە، بەپێی خودی مۆدێلەکە و تیۆریستەکەیەتی، بۆیە گەر شوێنی کەرەستەکان بگۆڕین ڕێگەپێدراو نین، بەو هۆیەی کە هەر گۆڕینێک دەبێتە هۆی گۆڕانی وێنەکە.

یەکێک لە سودەکانی ئەم وێنەیە ئەوەیە وەک چۆن بە دەنگ هەندێ لەکەسانی دەنگبێژ و بە ڕەنگ کەسانی ئاشنا و ناسیاوی خۆمان دەناسینەوە، هەر بەو جۆرەش نەخشەی بەدەستهاتو دەبێتە ڕوخساری تایبەتمەندییەکانی دەقی شاعیران و نوسەران، ئێمە لە توێژینەوەکەدا تەنها یەک قەسیدەی (شێرکۆ بێکەس)مان شیکارکردوە، گەر تەواوی دەقەکانی ناوبراو بخەینە ژێر زەرەبینی ئەم مۆدێلەوە ئەوا نەخشەیەکمان دەست دەکەوێت، ئەو نەخشەیە وەک چۆن لە هەر شوێنێکدا کەسێکی ناسیاو و ئاشنا ببینین، ئاواش دەزانین کە ئەوە نەخشەی دەقەکانی (شێرکۆ)یە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مۆدێلە دەتوانرێت بۆ بەراورد و هاوسەنگی نێوان دو دەق، دو نوسەر یان دو قۆناغی ئەدەبی سودی لێ ببینرێت وەک سعد مصلوح دەڵێت: بەکارهێنانی ئامار لە توێژینەوە شێوازییەکاندا بە دو قۆناغدا تێپەڕیوە، لە قۆناغی یەکەمدا توێژەر لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی دەکۆڵییەوە، لە قۆناغی دوەمدا تایبەتمەندییە جیاوازەکان دەبوە جێگەی قسەلەسەرکردن، لەڕاستیشدا هیچکام لەم دو قۆناغە لەیەک دابڕاونین، چونکە دیاریکردنی تایبەتمەندییە جیاوازەکان هۆکارێکی باشە بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییە هاوبەشەکان(مصلوح، ١٩٩٢، ٥٢)، هەروەها دەتوانرێت بۆ زۆر مەبەست و بواری تری دیاردەی شێوازی بەکاربهێنرێت لەوانە جۆری هونەرەکانی ڕەوانبێژی و وێنە و قاڵبە شیعرییەکان و جۆرەکانی کێش و ..هتد، کە هەریەک لەوانەش دەبێتە نەخشەیەک و ئێمە لە ڕێگەیەوە نوسەر/شاعیرەکەی پێدەناسینەوە.

**ئەنجام**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەشتین بەم ئەنجامانە:

شێوازی ئاماری مۆدێلی بۆزیمان تەنها لەسەر ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو و بەرزی ڕێژەکە ڕەخنەکردنی هەیە، ئەمە لەکاتێکدا لە مۆدێلی زامبدا دوای شیتەڵکردنی دەق و لە ڕێگەی جۆرە چارتێکی کۆمپیوتەرییەوە نەخشە یان وێنەیەکی شێوازی دەقەکە بەرهەمدێت، کە دەبێتە ناسنامەی دەقەکە، لەم دەقەی توێژینەوەکەدا (١٢٢) کاری تەواو و (٩٩) هاوەڵناوە، ڕێژەی کار بۆ هاوەڵناو بەم جۆرەیە: ١،٣٣.

لە مۆدێلی زامبدا دەتوانرێت بەپێی وێنە و نەخشەی بەدەستهاتو ساغکردنەوە بۆ ئەو دەقانە ئەنجامبدات کە کێشەدارن و تا ئێستا یەکلا نەکراونەتەوە لە نێوان دو شاعیردا، هەروەها دەتوانرێت ئەو دەقانەی نەخشەکانیان لە دەقی شاعیرێکی ترەوە نزیکە بەراورد بکرێن و ڕادەی کاریگەرییان لەسەر یەک بخرێتەڕو.

دەقەکانی شێرکۆ بێکەس بۆ تاقیکردنەوە و پراکتیزەکردنی ئەم میتۆدە ئامارییانە، کەرەستەیەکی گونجاون، هەروەها دیاریکردنی کەرەستە و بەشە ئاخاوتنەکانی دەقەکانی بەڕونی دیارن، لەناو کەرەستە زمانییەکانیشیدا زۆرترینیان ناون، کە بەنزیکەیی یەک لەسەر سێی پێکهاتەی دەقەکانی ناوە، کەمترین کەرەستەی بەکارهاتوش لی نوسەر ئامرازەگەیەنەکانن، ڕێژەی سەدی هەمو کەرەستە بەکارهاتوەکانیش بەم جۆرەن:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١.ناوەکان | ٣٩,٧٣ % | ٢. جێناوەکان | ١١,٤٥ % |
| ٣.ئاوەڵناوەکان | ١١,٩٧ % | ٤. کارەکان | ١١,٩٠ % |
| ٥. هاوەڵکار | ٣,٤٩ % | ٦. ئامرازی پەیوەندی | ١٠,٧٨ % |
| ٧. ئامرازی گەیەنەر | ٠,٨١ % | ٨. ئامرازی پێکەوەبەستن | ٩,٨٢ % |

## سەرچاوەکان:


ئەحمەد، پەخشان عەلی، 2009، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٦، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی چوارەم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان.

چالی، شەعبان، 2008، شێوازی شیعری جزیری، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

حەمەد، دەریا سابیر و ڕۆژگار محمد سابیر، ٢٠١٨، ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری بەپێی هاوکێشەی بوزیمان لە چەند شیعرێکی (فروغی فروخزاد و (هێرۆ کوردە)دا، ساڵی پێنجەم، ژمارە ١٥، ٢٠١٨، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ل٤٤٥-٤٧٢.

صالح، ئاوارە کەمال، ٢٠٢٠، شێواز لەڕۆمانی کوردیدا، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

عثمان، کەژاڵ عبدالقادر، ٢٠٢٢، کۆشیعری (لاواندنەوەی خۆڵەمێش)ی (تەیب جەبار) لەبەر تیشکی شێوازگەری ئاماریدا، بەرگی ٢٦، ژمارە ٦، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین، ل٣٠٣-٣١١.

عەلی، زانیار ساڵح، ٢٠٢٣، بنیاتی ئاواز و شێواز لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٧٠-١٩٩٠، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

هاڵبێرگ، پیتەر و دانەرانی تر، 2010، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، و.ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی دوەم، چاپی کتێبخانەی یادگار.

بليث، هنريش، ١٩٨٩، البلاغة والأسلوبية، ترجمة وتقديم وتعليق: محمد العمري، الطبعة الاولى، مطبعة فضاله، منشورات دراسات ساك، البيضاء.

بهشتي پور، فاطمة و علريضا نظري ١٤٣٨م. مقارنة أسلوبية بين السور المكية والمدنية في تنوع المفردات في ضوء نظرية جونسون(سورتي طه والنور منوذجين)، آفاق الحضارة الإسلامية ، أكادمية العلوم الإنسانية والدراسات الثقافية، السنة العشرون، العدد الأول، ص ١٩-٤١.

بيرجيرو، ١٩٩٤، الأسلوبية، طبعة الثانية، ترجمة منذر عياشي، مركز الأنماء الحضاري، حلب.

لوصيف، صونيا، سارة كرميش، ٢٠١١، الانزياح الدلالى فى الالفاظ العربية، رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات، جامعة منتورى قسنطينة، جزائر.

مصلوح، سعد، ١٩٩٢، الأسلوب دراسة لغوية إحصائية، عالم الكتب، القاهرة.

مصلوح، سعد، ١٩٩٣، في النص الأدبي دراسة أسلوبية إحصائية، عين للدراسات و البحوث الإنسانية و الاجتماعية، القاهره.

ويس، احمد محمد، ٢٠٠٥، الانزياح من منظور الدراسات الاسلوبية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت- لبنان.

الاتشى، حسين حسن پور، ١٣٨٤، طرز تازه سبكشناسى غزل سبک هندى، چاپخانه گلرنگ يكتا، انتشارات سخن، تهران.

اشرف، اسماعيل، 1395، سبک شناسی مرثیەهاي خنساء و شريف رضى با رويكرد ساختاري و آماري، رساله دكتري، دانشكدەي ادبيات و زبانها ، دانشگاه خوارزمى.

زارعى، مهناز، ١٣٩٧، بررسى سبک شناختى لايەى بلاغى نثر علامه قزوينى با تكيه بر سبک شناسى آمارى، كارشناسى ارشد، دانشكده ادبيات و علوم انسانى، دانشگاه آزاد اسلامى واحد تهران مركزى.

شميسا، سيروس، ١٣٧٣، كليات سبک شناسی، چاپ رامين، انتشارات فردوس، چاپ دوم، تهران.

شيمسا، سيروس، 1387 ،فرهنگ اشارات، نشر ميترا، چاپ دوم، تهران.

فرهمندپور، زينب و ديگران، 1391، يك سيستم نوين هوشمند تشخيص هويت نويسندة فارسيزبان بر اساس سبك نوشتاري، شماره دوم، نشريه علمی ترويجي محاسبات نرم، صفحه 26. 35.

كدكنی، محمد رچا شفيعی ، 1385، موسيقی شعر، چاپ نهم، انتشارات اگاه، تهران.

ناعمی، زهره و ليلا ترابی حور، ١٣٩٨، بررسی ادبيت سبک مجموعه شعری (قالت لی السمراء) نزار قبانی و (رستاخيز) سيمين بهبهانی براساس معادله بوزيمان، كاوش نامه ادبيات تطبيقی (مطالعات تطبيقی عربی – فارسی) ، دوره نهم، شماره 4، صفحه ١٢٢-١٤٣، دانشگاه رازی.

Forsyth, Richard S., 1995, Stylistic Structures A Computational Approach to Text Classification, [Thesis submitted in accordance with the regulations governing the degree of Doctor of Philosophy in the Faculty of Science at the University of Nottingham.

J. Brenner, Donald, 1989, The language of computer publishing, published by: brenner information group, California.

Stevenson, Angus, 2010, oxford dictionary of english, therd edition, oxford university press, uk.

Guiraud, Pierre et pierre kuentz, 1970, La stylistique lectures, (INITATION A LA LINGUISTIQUE, Série A, Terme1), Editions Klincksieck, paris.